# عەبدوللای موهتەدی، هەڵبژاردن و دەرکەوتن لەقامەتی موبەلغێکی یەکیتی و پارتیدا!

خەسرەو سایە
k.saya@ukonline.co.uk



لەدەورەی هەلبژاردنەکانی عیراقدا، ئەوە تەنها دەزگاکانی راگەیاندنی پنتاگۆن و دەولەتانی رۆژئاوا نەبوون کەبۆ تەبریرکردنی "هەلبژاردن" وراکیشانی خەلکی عیراق بەناوی دیموکراسی‌یەوە بۆژیر سایەی سیاسەتەکانی ئەمریکا، هەولی بیوچانیان گرتەبەر. تەنانەت ئەوە یاوەر و عەلاوی و سیستانی و چەندین مەلاو ئاخوند و سەرۆك قەوم و عەشیرەتەکان نەبوون کەلە"پەیمانیکی پیرۆزدا" بەرامبەر بەخەلکی عیراق راوەستان و ئەرکی راکیشانی کۆمەلگای عیراقیان بەرەو داهاتوویەکی تاریك گرتە ئەستۆ. بەلکو ئەوە ناسیونالیزمی کورد و حیزبەکانی ولەپیشیانەوە تالەبانی وبارزانی بوون، کەبەخاتری وەرگرتنی ئیمتیازاتیکی سیاسی و کردنەوەی دەرگای بازارەکانی عیراق بەرووی پارەوپوول و سەرمایەی بۆرژوازی کورددا، لەم هەلبژاردنانەدا سیاسەتی پەلکیشکردنەوەی خەلکی کوردستانیان بۆژیر سایەی دەولەت وحکومەتی داهاتووی عیراق، هەلبژارد. بەلام بەسەرەنجام گەیاندنی ئەم سیاسەتەی تالەبانی وبارزانی، بەبی لەمەیداندابوونی ریزیك لەدەلالانی سیاسی وموبەلغان وقەلەم بەدەستانی ناسیونالیستی کورد، نەك هەرلە کوردستانی عیراق، بەلکو لەبەشەکانی تری کوردستان، بۆ لەئەستۆ گرتنی ئەرکی پیداهەلدان بەهەلبژاردن وتەبریرکردنی هەلویستەکانی "سەرکردایەتی کورد" کاریکی مەحال بوو.. عبدوللای موهتەدی لەقامەتی یەکیك لەنمونەکانی ئەم ریزە جیگای گرت وئەویش وەك هەر نانبخۆریکی تر کەوتە کاویژکردنەوەی سایەتەکانی یەکیتی وپارتی.. بەلام ئەو بەچ زمانیك دەدوی و چۆن سیاسەتەکانی یەکیتی وپارتی تەبریردەکا؟

لەدیدارەکانی کورسات تیڤی و رادیۆی ژێواردا وبەدوای پیروزبایی گەرم سەرەتا دەکەویتە مەدح و سەنای "هەلبژاردنەکان" وخەرواریك ووشەی "دیموکراسی" و "مافی دیموکراتیکی خەلك" و شتی لەم جۆرە هەلدەریژی و پاشان حوکمی ئەوە دەدات کە"کورد دەبوایە هەر بەشداری بکردایە، تەنانەت ئەگەر کەس بەشداری نەکردبایە دەبوایە کورد بەشداری بکردایە.. چونکە" هەلبژاردن دیموکراتیك بوو" تا دەنگی خۆیان بە دنیا راگەیەنن و نیشاننی بدەن کەخوازیاری چارەسەری دیموکراسین"!! دواتریش "ریژەیەکی روولەسەری بەشداری خەلکی" دەکاتە میزان بۆ "مەشروع بوون و رەوابوونی هەلبژاردنەکە".. ئایا بەراستی ئەم پروپاگەندانەی جەنابی موهتەدی دەتوانی شتیکی زیاتر بخاتەسەر ئەوبابەتە تەبلیغاتیانەی کەلەزمانی جەمال عبدوللا و ستران و فەرهاد سەنگاوی و عارف تەیفۆر ودەیان قەلەمبەدەست وموبەلغی تری یەکیتی وپارتی‌یەوە هاتۆتەدەر، کەکاریان "پیشەسازی درۆکردن" و ئاوەژووکردنەوەی راستی‌یەکانی ژیانی خەلك بوو تابەم هۆیەوە پەنجەمۆریان لیوەربگرن و بۆ بەردەم صندوقەکانی دەنگدان پەلکیشیان بکەن؟ ئایا بەراستی ئەو هەلبژاردنەی کرا دیموکراتیك بوو؟ لەکاتیکدا کە جەنگ و تیرۆرو تەقاندنەوە و نەبوونی ئەمنەیەت، شوینی صندوقەکانی لەبەردەم دەنگدەراندا تا دوارۆژەکانی هەلبژاردن بۆ خەلکی نەهینی بوو، تەنانەت بەشیکی زۆر لەکاندیدەکان نەیان دەویرا وینە و ژیاننامەی خۆیان لەدیوارەکان بدەن! ئایا بەراستی ئەم هەلبژاردنە دیموکراتیك بوو لەکاتیکدا خەلکی پیشتر لەفەزای "ئینتخابی ئازادانە" دەرکیشرابوون و لەبیئاگای تەواو بەبەرنامە و پلاتفۆرمی لایەنەکان راگیرابوون!.. پاشان بەشداری "زۆرینەی خەلك" دەتوانی چ پیوانیەك بیت بۆ مەشروعیەت دان بەهلبژاردیکی لەم جۆرە؟ ئەگەر وایە عبدوللای موهتەدی دەتوانی چی بلیت لەسەر هەلبژاردنەکانی جمهوری ئیسلامی؟ ئایا بەشداری زۆرینەی خەلك لەهەلبژاردنیکدا بۆ دەنگدان بەخاتەمی دەتوانی چ مەشروعەیەتیکی هەبی، لەکاتیکدا خەلکی بە"زۆرینەی دەنگەوە" و بەزنجیرەکانی دەست و پیانەوە بەرەو داهاتوویەکی رەشی ئیسلامی پەلکیش کرابن؟ ئایا عەبدوللای موهەتەدی بەهەلبژاردنە زۆرینەکانی خاتەمی و رەفسنجانی دەلیت دیموکراسی و مەشروع؟ بەراستی "زۆرایەتی وکەمایەتی" یان مەزموونی سیاسی و ئەوەی کە"هەلبژاردن" یان هەرحەرەکەتیکی سیاسی‌تر خەلکی بەچ داهاتویەك دەسپیری و کام داخوازی یەیان بەدی دینی، پیوانەیە بۆ رەوابوون و مەشروعیەت دان؟ ئایا عبدوللای موهتەدی بەئاگادی‌یە لەوەی میژوو پرە لە نمونەی ئەوەی "زۆرینەی خەلك" دەرهەق بەژیانی خۆیان و داهاتوویان ریگای چەوتی سیاسی‌یان بەسەردا سەپیندراوە؟ هەرزۆر دۆرنەروین ئایا عبدوللای موهتەدی لەبیری چۆتەوە لەسەردەمی شەری کۆمەلەو حیزبی دیموکراتدا دەیووت ئەگەر هەموو خەلکی کوردستان دژایەتی بکات بەتەنها ئەم شەرە دەکەم !! .. عەبدوللای موهتەدی لەمانەش زیاتر زمانی مەدح و سەنای دەپرژی و هیندە "هەلبژاردنەکان" بەدیموکراسی‌یەوە گری‌دەداتەوە تا دەکەویتە بەراورد لەگەل رژیمە دیکتاتۆریەتەکانی سوریاو ئیران و ناوچەکە و دەلی "کورد دەبوو بەشداری هەلبژاردن بکا، ئەی هەلبژاردن نەکەن چی‌بکەن!!.. بەدیار دیکتاتۆریەتەوە دانیشن"!! ئەمە مەنتقی هەر تەبلیغاتیکی ئاوەژووکردنەوە وفریودانی خەلکە کەنمونەکانی نیوخۆی بۆرژوای و کۆنەپەرستی دەکاتە پیوانە نەك ماف و ئازادی‌یەکانی خەلك وتەوەقوعاتیکی ئینسانی وپیشرەوانە لەدنیای ئەمرۆدا. ئەمە هەمان ئەو تەبلیغات و شیوە دەربرینانەیە کە تالەبانی و بارزانی بۆ دیموکراسی

لەقەلەمدانی دەسەلاتەکانیان، نمونەکانی ئیستبداد و دیکتاتۆریەت وسەرکوتی رژیمی بەعسیان بەچاوی خەلکدا داوەتەوە. بۆ ئەمانیش ستاندارد "دیکتاتۆریەت وحکومەتە سەرکوت گەرەکانی ناوچەکەبووە" نەك نمونە پیشرەو وئینسانیەکانی سەردەم، نەك ماف و ئازادیەکانی خەلك و تەوقوعاتیکی بالای ئینسانی.. لەراستیدا هەموو ئەم تەبلیغات و پیداهەلدانە پرووپووچانە و ئەم هەموو بەدیموکراسی چوواندنەی عەبدوللای موهتەدی، دەتوانی هەمان ئەو مەنتەقەبیت کە هەرناسیونالیستیکی تر لەبەرامبەر "هەلبژاردن" دا بەپیوانە وەری گرتووە، ئەویش ئەوەیە کەمادام "کورد" بەشدارە کەوایە هەلبژاردن دیموکراسیە!!؟

"هەلبژاردنیکی دیموکراتیك" کەجیگای پیداهەلدانی ئاغای موهتەدی یە، لە سیناریۆیەکی گالتەجاری شتیکی زیاتر نەبوو. ئەم هەلبژاردنە نەك بەپیوانەکانی دیموکراسی بۆرژوازی و نمونەکانی هەلبژاردن لەولاتانی ئەوروپا وئەمریکا، بەلکو لەچاو هەلبژاردنەکانی جمهوری ئیسلامی ئیراندا، بەچەند فرسەخ لەدواوە بوو و"نامەشروع و نارەوابوون"ی خۆی سەلماند. ئەم هەلبژاردنە هەلبژاردنی عیراقیەکان نەبوو بەلکو دەنگدانی "کوردەکان"، "شیعەکان"، "سوونیەکان" "تورکمانەکان" و چەند قەوم و قەبیلەیەك بوو کەلەلایەن ئەمریکاوە کۆکرابوونەوە و ریگایان پیدرابوو. وە ئەوەی لەم"هەلبژاردنە دیموکراسیەدا" بەیەکجاری نرایە ژیر پیوە، "عیراقی بوون" و "کوردستانی بوون" ی خەلکی کوردستان و عیراق بوو لەیەك هەویەتی هاوولاتی بوونیاندا.

بەلام عبدوللای موهتەدی بۆ ئەرکی دیفاعکردن لە سیاسەتەکانی یەکیتی وپارتی هونەری داتاشینی چ تەبریراتیك بەکاردینی ؟

"ئەگەر کورد بەشداری لەهەلبژاردن نەکردبایە شەرعیەتیان نەدەبوو. کەس نەدەبوو لەدەستوردا فیدرالیان بۆ بچەسپینی!! ..

کورد مەشروعیەتی نەدەبوو یانی چی؟ ئایا مەبەست خەلکی کوردستانە یان یەکیتی وپارتی؟ ئەگەر مەبەست خەلکە، بەراستی ئەوە چ تەبریریکە کەخەلکی کوردستان بەو هەموو زولم و ستەمەوە کەلییان چووە و بەوهەموو بەرهەقی بوونەیانەوە، دەبی بۆ مەشروعیەت بوونیان چاولە پەرلمانیك بېرن کە سیستانی و عەللاوی و یاوەرو چەلەبی و.. دەیان مەلاو ئاخوند و فاشیست و نوکەرانی دەولەتانی ناوچەکە هەمە کارەن؟ خۆ ئەگەریش مەبەست یەکیتی وپارتیە، دیسانەوە "مەشروعیەتی" ئەوان چ خزمەتیك بەژیانی ئیستاو داهاتووی خەلکی کوردستان دەکا وچ بارگرانی یەك لەسەر شانیان سوك دەکات! لەبارەی چەسپاندنی فیدرالیزمیشەوە، بالەوە بگەریین کەئەمە داوای خەلکی کوردستان نیە و پارتی ویەکیتی وەك ئامانجیکی خویان بەسەر خەلکی کوردستاندا دایان سەپاندووە، بەلام چەسپاندنی "فیدرالیزم" ئەتوانی چی تر بیت لەوەی کەهەویەتی قەومی بەبەرخەلکی کوردستاندا بکاو چارنوسی ئەوان لەنیو شەرو دەعوای قەومی ناسیونالیزمی کورد وحیزبەکانیدا رابگری وئامادەبن بۆئەوەی هەرماوە جاریك قووربانی بدەن بەخاتری ئەوەی بۆرژوازی کورد ئیمتیازاتیکی زیاتر لەدەولەتی عیراقدا وەرگری؟

تەبریریکی تری ئاغای موهتەدی ئەوەیەکە "ئەم هەلبژاردنە مەشروعیەتی دەست تیوەردان لەدەولەتانی ناوچەکە دەستینی ودیواریکی قانونی لەبەرامبەریاندا دادەنی!". لەمبارەشەوە خەریکی ئاوەژووکردنەوەی واقعیەتەکانی کوردستان و معافکردنی یەکیتی وپارتیە لەخولقاندنی دەستدریژی ولاتانی تردا بۆسەر کوردستان. لەکاتیکدا هەموو کەس ئەوە دەزانی کە ئەوە سیاسەتی پیشلەشکری کردنی یەکیتی و پارتی بووە بۆ راکیشانی سوپای دەولەتانی ناوچەکە وئەمەش بەشیك بوو لەسیاسەتی شەرو رەقابەتی ئەم دووحیزبە لەبەرامبەر یەکتردا کەلەشەری ناوخۆدا بەئەوجی خۆی گەیشت. بەراستی تەبریراتیکی لەم جۆرە ئەتوانی ئەوە لە بیری نەك خەلکی شارەکانی کوردستان بەلکو لەبیر حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئیران و کۆمەلە و پەکەکا و هەر کوردیکی ئاوارەی بەشەکانی تری کوردستان بسریتەوە کەهاتنە ناوەوەی سوپای جمهوری ئیسلامی ئیران و تورکیا لەسەرداوای یەکیتی وپارتی و بەپیشلەشکری ئەوان و لەپیش برکێ ی سیاسیاندا بووە نەك شتیکی تر؟ لەمەش رۆشنتر ئایا رووداوەکانی 31 ئاب بەدەستیوەردانی رژیمی بەعس هاتە کایەوە یان ئەوە پارتی بۆ کە بۆ مل شکاندنی یەکیتی لەشەری ناوخۆدا سیاسەتی پیش لەشکریکردنی تا ئەو جیگەیە برد کە رژیمی بەعس بتوانی سوپاکەی بهینتە سەر شارەکانی کوردستان؟

ئەوەی رۆشنە لەم تەبریرەی ئاغای موهتەدیدا تەنها بلاوکردنەوەی خۆشخەیالیەکە بە حکومەت و پەرلمانی داهاتووی عیراق، ئەگینا پەرلمان و حکومەتی داهاتو ناتوانی مەترسی دەخالەتی دەولەتانی ناوچەکە لەسەر سەری خەلکی کوردستان هەلگری چوونکە لەلایەك پەرلمان و حکومەتی داهاتوی عیراق نوینەرانی دەولەتانی ناوچەکەی بەهیزەوە تیا مەوجوودەو لەلایەکی تریشەوە سیاسەتی پیش لەشکریکردن و راکیشانی دەستی دەولەتانی ناوچەکە پرنسیپیکی جیانەبووەوەی مەوجودیەتی ئەحزابی ناسیونالیستی کوردە. بەلام عەبدوللای موهتەدی هەربەم تەبریرەوە راناوەستی، بەلکو لەهونەری خۆشخەیالکردن و فریودانی خەلکدا "هەلبژاردن" وسایەتی یەکیتی وپارتی بە"بەهیزکردنی لایەنی عەلمانی و زامنکردنی پرەنسیپە دیموکراتیکەکان" تەبریردەکاو دەلیت:

کورد هیزیکی عەلمانیە بەشداریان لە پەرلمانی داهاتوودا لایەنی سکولاریزم بەهیزدەکەن، .. ریدەگرن لە هاتنەسەرکاری حکومەتیکی دینی لەعیراقدا.."حزوری کورد لە پەرلماندا زامنی دیموکراسی و مەدەنی وپرنسیپە دیموکراتیکەکانە.. زامنی جیایی دین لەدەولەت ئازادی سیاسی و مافەکانی ژنان و چەسپاندنی فیدرالیزمە" .. بەراستی تەبریرکی لەم جۆرە ئەتوانی بەقەد سەرە دەرزیەك راستی تیدابیت؟ ئایا یەکیتی وپارتی ئەو هیزانەن کەدەیانەویت "لایەنی عەلمانی و پرەنسیپەکانی دیموکراسی" بەقازانجی خەلکی شارەکانی بەغداو بەسراو موسل بەهیزبکەن؟ لەکاتیکدا هەرئەم دووحیزبە بوون کەبەدریژایی 13 سالی دەسەلاتداریتییان، دەستی ئیسلام و شەریعەتیان بەسەر کۆمەلگای کوردستاندا

دریژکردووه! ئەمانە هەرئەو حیزبانەن کەبەرنامەو هەلسوکەوتی رۆژانەیان بە"ئایەتەکانی قورئانی پیرۆز"دەکەنەوە. مافەکانی ژنان بەپێی یاساکانی ئەحوالی شەخصی کەسەرچاوەکەی شەریعەتی ئیسلامە دیاری کردووە.. دانانی وانەی ئاینی لەبووارەکانی خویندن وفیرکردنی منالاندا بەریوەدەبەن، بەئاشکرا رایانگەیاندووە کە"ئاینی ئیسلام دینی پیرۆزی نەتەوەی کوردە" وهەرکەسیش ل‌ی‌ی لابدات مەحکومە! ئەمانە هەرئەو حیزبانەن کەنەك هەرجیایی دینیان لەدەسەلاتەکانیان رانەگەیاندووە، بەلکو زیاتر لەجمهوری ئیسلامی ئیران دوو وەزارەتی ئەوقاف وکاروباری ئاینی‌یان بەسەرخەلکەوە دامەزراندووە! ئەمانە هەرئەو حیزبانەن کە دەستی تاقمی ئیسلامی و تیرۆریستیان بۆنیو حکومەت وژیانی خەلك دریژکردووە و لەدەرامەتی خەلك بودجەو کۆمەکیان پیدەکەن! یەکیتی وپارتی کە"پرەنسیپە دیموکراتیك"ەکانی دەسەلاتیان هیندە ریدەدات بەئازادی موخالیفانیان کەدژایەتی نەبی لەگەل دەسەلات و"بەها ورموزە نەتەوەیی‌یەکان"، ژنان دەتوانن هیندە  ئازادبن کەلەدابو نەریتی نەتەوەیی لانەدەن، دەنا کوشتنی ناموسی و خۆسوتاندن دەبیتە سزایان! .. لەیەك ووتەدا یەکیتی وپارتی‌یەك کەلایەنی عەلمانی وسکولاریان لەکوردستاندا وبۆ خەلکی هاوزمانی ژیردەستی خۆیان نەك بەهیز نەکردبیت، بەلکو پەلاماریاندابیت، ئیدی چۆن دەکری چاوەڕی‌ی ئەوەیان لیبکری بۆخەلکی عەرەب زمان ئەم کارەبکەن؟ بەراستی کەس دەتوانی ئەم قسانە لەعەبدولای موهتەدی وەربگری لەکاتیکدا رۆژانە لەزمانی سەرانی یەکیتی وپارتی‌یەوە تەبلغاتی راسیستی و فاشیستی لەبەرامبەر خەلکی عەرب زمانی شاری کەرکوك و دەروبەریدا، لەدەزگاکانی راگەیاندیانەوە دەباری!!.

لەمانەش زیاتر بەرنامەی ئینتخاباتی 30 بەندی "لیستی هاوبەش" کەلەلایەن یەکیتی وپارتییەوە راگەیەندراوە و بەتەواوی خەسلەتی کۆنەپەرستی وقەومی وئیسلامی دەبەخشیتەوە، بەسە بۆ شایەتی دان لەسەر رادەی عەلمانی بوون و پابەندبوونی ئەم حیزبانە بەمافە دیموکراتیکەکانی خەلکی کوردستانەوە،  چ جای  بەمافەکانی خەلکی عەرەبزمانی عیراقەوە.

بەلام لەبەشی کۆتایی ئەرکیکدا کە عەبدوللای موهتەدی بۆ دیفاع لە سیاسەتەکانی یەکیتی وپارتی لەئەستۆی گرتووە، پەیامی ئەوە رادەگەیەنی کە"کورد یەکیك لەبراوەسەرەکی‌یەکانی ئەم هەلبژاردنەیە!! ولەئاخریشدا دەپرسی "ئەگەر کورد بەشداری نەکرایە ئەلتەرناتیڤ چی دەبوو؟

بەپیچەوانەی ئەم پەیام وحوکمەی ئاغای موهتەدی‌یەوە، سیاسەتیك کەیەکیتی وپارتی گرتیانەبەر قوماریك بوو کەهەم خۆیان وهەم خەلکی کوردستانیان تیا بەدۆراندن داوە. لەم قومارەدا ئەوەی دەسەلات ونفوزیکی ناوچەیی بوو بەدەستیانەوە، تەسلیمیان بەحکومەتیك کردووە کەسیستانی وعەلاوی وچەلەبی و نوینەرانی ناسونالیزمی عەرەبی و چەند جروجانەوەری تیرۆریستی ئیسلامی تیا کاربەدەست دەبن کەکەس نازانی چ شەرو گیژاویك لەبەرپیان دەنی؟ لەبارەی خەلکی کوردستانیشەوە ئەوان لەچاو خەلکی شارەکانی ناوەراست و خوارووەدا دووجار زەرمەند دەبن، یەکەمیان وەك هاولاتایانیك کەلەعیراقدا دەژین ماف و ئازادی‌یە فەردی ومەدەنی‌یەکانیان، بەهۆی هاتنەسەرکاری حکومەتیکی عروبی-ئیسلامی‌یەوە، دەچیتە ژیر پرسیارەوە و دووەمیشان ئەو سەربەخۆیی‌یەی کە13 سالە بەدەستیان هیناوە لییان دەسەندریتەوە و بەبی رەزامەندی خۆیان پەلکیشدەکرینەوە بۆ ژیر سایەی دەولەتی مەرکەزی عیراق، کەستەمی نەتەوایەتی و هاوولاتی پلەدوویی بۆیان ئاکامیکی حەتمی دەبی. ..

بەلام ئەلتەرناتیڤ چی‌دەبوو ئەگەر "کورد"بەشداری نەکردایە؟ ئایا داواکاری بۆ بەرپاکردنی ریفراندمیك بۆ خواستی سەربەخۆی کوردستان و دامەزراندنی دەولەتیکی نەقەومی و نەئاینی ئالتەرناتیڤ نەبوو؟ ئایا ئەم ریگایە کارساز تر و ئەلتەرناتیڤیکی عادیلانەو ئینسانی‌نەبوو لەبەردەم خەلکی کوردستاندا بۆئەوەی هەتاهەتایە لەستەمی نەتەوایەتی و دەعوای ناسیونالیزم و قەومگەرایی رزگاریان ببی؟

خەلکی کوردستان نە بیٚ ئالتەرناتیڤ بوون و نە مەحکومبوون بەهەلبژاردن وسیاسەتیك کەیەکیتی وپارتی بەسەریاندا دایان سەپاند، بەلکو ئەوە موبەلغانیکی وەك ئاغای موهتەدی‌یە کەبەتەبریرات و تەبلیغاتی فریوکارانەیان دەیانەویت خەلکی کوردستان هەمیشە ئەسری سیاسەتەکانی ناسیونالیزمی کورد و حیزبەکانی بهیلنەوە... بەلام عەبدوولای موهتەدی زەوی چ سیاسەتیك بەم تەبلیغاتانەو بەم تەبریراتانە دەکیٚلی؟.

لایەنگری عەبدوولای موهتەدی بۆ یەکیتی وپارتی وبوونی بە موبەلیغ وقسەکەریکی ئەم حیزبانە بەتەنها لەو رووەوە نی‌یە کەئەو بەدوای رووداوەکانی سالی 91 تائیستا رەوتیکی پەشیمان بوونەوە لە کۆمۆنیست بوو ن و چەپ بوونی تیدەپەراندووە و تادیت بەرەو باوەشی بزوتنەوەی کوردایەتی وناسیونالیزمی کوردی هەلدەخزیٚ،  بەلکو لەورووەوەیە کە رووداوەکانی کوردستانی عیراق وئەزمونیك لەدەسەلاتگرتنی ئەحزابی ناسیونالیستی کورد، ئەوی وادارکردووە بەکۆپی گرتن لەم تەجروبەیە. بەتایبەتی کەهەرەشەکانی ئەمریکا لەئیران و ئیحتمالی هاتنە کایەوەی "عیراقیزەکردنی ئیران" ئەو هیواو ئومیدەی لای حیزب و رابەرانی ناسیونالیستی کوردی لەکوردستانی ئیران  و نمونەکانی وەك عەبدوللای موهتەدی سەوز کردووە کەهەرلەئیستاوە مشووری خۆیان بخۆن و رووداوەکان و تەجروبەکانی کوردستانی عیراق وەك ئاوینەیەك بۆبینینەوەی دەسەلاتگرتنی خویان لەرووداوەکانی داهاتووی ئیراندا بەدەستەوە بگرن. لەمبارەشەوە مەلزوماتی سەرەتایی پویستە..

کەوایە خۆهەلخستن لەژیر سیبەری قامەتی تالەبانی وبەرزانی و تەئیدکردنی سیاسەتەکانیان بۆچوونە نیو دەولەتی داهاتووی عیراق ئەتوانی زەمینەی ئەوە خۆشکات کەبەچەك و پارەو پشتیوانی ئەم دەولەتە تازەیە، لەکوردستانی ئیراندا دەسەلاتی هاوشیوەی کوردستانی عیراق، دامەزری. ئەمە ئەو ئامانج و مەبەستەیە کە ئاغای موهەتەدی لە سیناریۆی گالتەجاری‌یەکانی "هەلبژاردن"دا کردۆتە موبەلیغیکی چالاکی یەیکتی وپارتی.

**2005/2/17**